# کێشەی سەرۆك لە کوردستان

عەلی مەحمود محەمەد

**2005-5-8**

ئەو دوو حیزبە تا دەنگدان نەبێت , یاخود پێویستییان بەخوێن نەبێت بۆ بە بەرەکانی شەڕ , گەل و جەماوەرییان لە یاد نابێت , ئەو کاتانەی بە شەریکی میرات دابەش دەکەن , بێدەنگ دەبن , هەرچی هەیە هەمووی دێزە بە دەرخۆنە دەکەن , بەڵام کە بەرە بنە گییان یەکتر لەسەر دەسکەوت , ئەوجا باسی حیزبەکان و لایەنەکان و جەماوەر دەکەن و هانایان بۆ دەبەن , لێیان دەپاڕێنەوەو بە قوربانییان دەبن تا هەڵوێست وەرگرن , لە کاتی ڕێك بونیشییان پشتی جەماوەرو قۆناغی ئەوان , سکی جەماوەر و تورەگەی ئەوان .

تا ئیبراهیم خەلیلییان پێکەوە نۆشی گییان دەکرد , دەنگ نەبوو لە ناهەقی , بەڵام کە ینك بێ بەری کرا لێی ئەوجا ووتییان ئێمە تا ئێستا 35٪ مان خواردووە و پارتیش 35٪ , هەموو جەماوەریش 30٪ ئەمە غەدرە لە خەڵکە کرێت , خۆیان تا ئەو ڕۆژەی خواردییان غەدر نەبوو , وەك شیری بەر مەمکی دایك حەڵاڵییان بوو . ئێستا مەمنونیین بە 5٪ , ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار . لە کابینەی داهاتوو سەیرکردنی ماڵ و کۆمپانییاو میوان خانە چەند ئەستێرەکانیشییانمان بۆ نامێنێتەوە . ئەمجارەش هەموو میراتی بەغدایان بۆ خۆیان پاوان کرد , نازانم دەنگمان دا کچ و کوڕەکانییان بکەین بە وەزیر یان کۆنە بەعسییەکان بکەین بە پەرلەمانتار؟؟؟ , یەکگرتوو نەك بەیاننامە بەڵکە هەموو خۆشییان بتەقێننەوە کەرتە کورسییەك وەرناگرن لە بەغدا , با لایان مسۆگەر بێت , کەماڵ شاکریش نەك 1 جار بەڵکە 1 ملیۆن جار سەردانی مامەو کاکە بکات , ئەگەر 1 ملیۆن شەهیدیشییان هەبێت , خاوەنی 2 ملیۆن داستانی هەندرێن و هەنارەو ئیلنجاخیش بن , فەڕاشی سەربەخۆشییان نادەنێ . سۆسیالستیش نەك هەزاران قوربانی , بەڵکە هەموو کورد تاپۆی ئەوان بێت دەبێت هەر لێ لێ بانگ کەن , ئەوان فێرن تا مناڵێکی خۆیان وەستابێت , کەس بەغدا بە نوێنەرایەتی کورد نابینێت , ئای بۆ ئەو کاتەی بە کۆمەڵ لە بەغداوە دەیقوچێننەوە بۆ کوردستان ! ! . لە هەر کابینەیەك ناوی مناڵی یەکێك لە سەرکردەکان دێتە پێشەوە , تا مۆدێرن تر و مەدەنی تر دەبن زیاتر خێڵەکی تر دەبن .

ماوەیەکە ئەم دوو لایەنە بارودۆخی کوردستانییان ئاڵۆز کردووە , مێشکمانییان بردووە بە کێشەی سەرۆکایەتییەوە , بۆ هەر کوێیەك دەچیت هەر سەرۆکە , هەر ڕۆژنامەو سایدێك دەکەیتەوە سەرۆکە , نازانم ئێمە پێویستمان چییە بەم هەموو سەرۆکە؟؟ , تا دەنگییان بۆ دەدەین سەرۆکی گەلن , بەڵام کە دەگەن بە کورسییەکە سەرۆکی ماڵ و مناڵ و خێزانی خۆیانن , وەزارەت و پەرلەمان و داهات بۆ خێزان و حاشییەکەیان جەماوەریش هیچ .

باشە بۆ ئەبێت ئەم پیاو سالارە نەخوێنەوارانەی مەکتەبی سیاسی ئەم دوو پارتە قسە لەسەر سنوری دەسەڵاتی سەرۆك بکەن ؟؟؟ , پیاو سالارەکان عەقڵییان لە سنوری چوار دیواری ماڵ خۆیان و عەشیرەت تێپەڕ ناکات , نەك سنوری دەسەڵاتی سەرۆك و دیموکراسییەت . بۆ دەبێت هەر ئەمانە قسە لەسەر دەستور و جوگرافییای کوردستان و مێژووی کەرکوك و کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن ؟؟, قسە لەسەر تەکنەلۆژییاو کۆمپیوتەر و ئەندازیاری بکەن ؟؟؟ , کورد بۆیە قەت نابێت بەهیچ چونکە ئەمانە عەقڵی شکستەکانیین .

با چەند پڕۆژەیەك جیاجیا بۆ سستەمی دەسەڵاتداری لە کوردستان بخرێتە دەنگدانی گەلەوە , ئەوجا جەماوەر دەنگی بە کامییان دا , کام پڕۆژە بە زۆرینە بردییەوە , نەقش و عەواق , هەموو ملکەچی دەبین بە ناچاری . تا کەی چارەنوسی گەلێك بەم قوڕ بەسەرییەوە بەدەست کۆمەڵێکەوە بێت هەموو عەقڵییان لای کۆمپانییاکانییان و ژنی سێیەم و چوارەم و خانوی جوان بێت ؟؟؟, ئێمەش قوربانیمان داوە ئامادەمان دەکەنەوە بۆ قوربانی کە , چەند نەوەیە دەبین بە قوربانی کورسییەکانییان ! ! ! , خەفەت لە باوکم ناخۆم کە بوو بە قوربانی شۆڕشی کورسینیزم , خۆمیش قەینا تەمەنم نایە بانی , خەفەت لەو مناڵانە دەخۆم هێشتا باوکییان گەرایانی نەناوەتەوە , ببن بە قوربان کورسی مناڵە گەلحۆکانییان , سەرۆکانی ئایندەی کورد , نازانم ئەمانە گەل بە نەزان دەزانن, یان لە نەزانییا خۆیان کردووە بە کۆمیدییاو مەهزەلە. بۆچی براکانی دوێنێی ڕاپەڕین و ئەنفال و سەر سندوقەکانی دەنگدانی چەند مانگ لەمەوپێش دەکەنەوە بە دوژمنی یەکتر؟؟ . بەلامەوە گرنگ نییە کێیە دەیەوێت ببێت بە سەرۆك , بەڵام با نەترسین و بپرسین بزانیین سەرۆکمان بۆ چییە؟؟ , تاکەی ئەوەی ئێمە بیکەین سەرۆك بە بایای بدات ؟؟؟ , تاکەی بەدەستی خۆمان دیکتاتۆر بۆ گیان خۆمان دروست بکەین؟؟؟ .